ساڵح موسلیم ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتی پەیەدە لە نەخشانیکی هەولێر کێچی دوایی کرد



ساڵح موسلیم، ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتی پەیەدەو یەکێك لەو سەرکردە دیارەکانی رۆژئاوای کوردستان، ئێمشەو چوارشەممە، بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخشانیکی هەولێر کێچی دوایی کرد.

ساڵح موسلیم، ئەمشەو چوارشەممە 11ی ئازاری 2026، لەو تەمەنی 75 ساڵیدا لەو یەکێك لەو نەخۆشخانەکانی هەولێر بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە کێچی دوایی کرد.

بڕیارە سبەی پێنجشەممە، سەعات 8ی سەرلەبەیانی تەرمەکەی بەرەو رۆژئاوای کوردستان ببرێتەوەو لەو شاری کۆبانێ بەو خاك بسپێردرێت.

یەکێك لەو کوڵەکانی ساڵح موسلیم بەناوی شەڤان موسلیم لەو شەڕی بەرەنگاربونەوەی داعشدا لەو کۆبانێ شەهید بو.

ساڵح موسلیم محەممەد، لە مانی ئازاری 1951 لە گوندی شیرانی سەر بە شاری کەبانە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبوە.

ئەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کەبانی خوێندوە. ساڵی 1977 بەشی ئەندازیاریی کیمیایی لە زانکۆی تەکنیکیی ئیستانبوڵ تەواو کردوە. دواتر بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی ساڵێک لە لەندەن خوێندویەتی.

وەک ئەندازیاری کیمیایی لە کەمپانیای (پەترەمین) لە سعودیە کاری کردووە. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان لە ڕێگەی کرێکارانی کورد لە سعودیە، پەیوەندیی بە ڕێزەکانی پەکەکەوە کردووە.

ساڵی 1990 گەڕاوەتەوە سووریا و لە کەبانە و حەلەب وەک ئەندازیار کاری کردوە.

ساڵی 1998 بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی گردبوونەی نیشتمانیی دیموکرات. ساڵی 2003 یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی یەکێتیی دیموکرات-پەیەدە.

ساڵح موسلیم سێ جار لەلایەن ڕژێمی سوریاوە دەستگیرکراوە.

لە 2010 - 2017 هاوسەرۆکی پەیەدە بوە. دواین پۆستی پۆستی ئەندامی دەستەی سەرکایەتی پەیەدە بو.